# پەروەردەکردنی خێزان ودیـــاردەی ئـــازاردانی منـــداڵ

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( تربية الأسرة وظاهرة إيذاء الأطفال )

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# پەروەردەكردنی خێزان وديـــاردەی ئـــازاردانی منـــداڵ

پاش سوپاس وستايش بۆ خوای گەورە ودرود ورەحمەتی فراوان بۆ سەر گيانی پێغەمبەری ئازيزمان محمد المصطفى.

خۆشەويستان سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت وهەموو كاتەكانتان هەر شادی وخۆشی وكامەرانی بێت .

لەباسی ئەمجارەماندا گفتگۆ لەسەر بابەتێك دەكەين كە زۆر گرنگە وپەيوەندی بە دوارۆژی نەوەكانی ئێستامانەوە هەيە، ئەويش پەروەردەكردنی خێزان وديـــاردەی ئـــازاردانی منـــداڵانە .

گومانی تێدا نيە خێزان بە يەكێك لە پايە ئەساسی و بنەڕەتيەكانی هەموو كۆمەڵگايەك دادەنرێت، وە گەشە كردن و پێشكەوتنيشی وەستاوەتە سەر ڕادەی ڕۆشنبيری وبەئاگايی خودی ئەو كۆمەڵگايە وپابەنديان بە پەيوەنديەكی ڕاست ودروست وكامڵ لەنێوان تاكەكانيدا .

خێزانيش ڕۆڵێكی كاريگەری هەيە لە پرۆسەی گەشە پێدان وبەرەو پێشبردنی كۆمەڵايەتی، ئەويش بە پارێزگاری كردن لەو فيطرەتە پاكەی كە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر خەلق كردوە لەهەموو گۆڕين ودەستێوەردانێك، لەگەڵ بەهێز كردنی لايەنی خێر وچاكە تيايدا، وە بۆ ئەوەشی خێزان بتوانێت هەڵسێت بەو ڕۆڵەی خۆی، پێويستە خودی خێزان خۆی لەسەر ئەو بنەما و بناغانە دابمەزرێت كە شەريعەتی پيرۆزی ئيسلام فەرمانی پێكردوە ونەخشەی بۆ داڕێژاوە، ئەويش لەبەر ئەوەی هەموو خێزانێك لەڕووی پێكهاتەكانيەوە بەشێوەيەكی بتەو گرێدراو بەيەكەوە دروست ببێت، ئەمە لەلايەك، لەلايەكی تريشەوە لەڕووی كارو فەرمانە پەروەردەيی وكۆمەڵايەتی و ئابووری وداب ونەريتەكانی ناو خێزانەوە زۆر بە ڕوونی بەديار بكەوێت تاوەكو خێزان لەسەر بنەمايەكی بەهێز بنيان بنرێت، بۆ ئەوەی هەموو تاكێكی ئەركی سەرشان ومافەكانی خۆی بزانێت، بەمەش ئامانجەكانی پێك هێنانی هەموو خێزانێك دەستەبەر دەبێت، لەبيرمان نەچێت ئەبێت ئەوەش بزانين ئەرك وفەرمانی خێزان تەنها بريتی نيە لە ماف وئەركەكانی نێوان پياو ژن، بەڵكو منداڵانيش مافی خۆيان هەيە، هەر لە كاتی لەدايك بوونيانەوە تا هەموو قۆناغەكانی تری ژيان، چونكە ئەوانيش يەكێكن لە پێكهاتە ئەساسيەكانی خێزان .

سەرکەوتنی هەموو خێزانێکیش لە پرۆسەی پێشکەوتن وبەرەوپێشچوونی دامەزراندنی ڕیکخستنێکی تۆکمەی کۆمەڵایەتی بەندە لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی :

**یەکەم :** سازاندنی کەش وهەوایەکی لەبار وگونجاوی خێزانی دوور لە هەموو کێشە وگیر وگرفتێکی کۆمەڵایەتی لە پێناو پەروەردە بوون وپەروەردە کردنی منداڵان لە کەش وهەوایەکی پڕ لە ئارامی وئاسایش دوور لەهەموو توند وتیژیەك، تاوەکو منداڵان بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکرێن کە سوودو قازانج وخێر بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکەشیان بدەنەوە .

**دووەم :** لەسەر خێزان پێویستە کە هەموو هۆکارەکانی پەروەردەی ساغ ودروست بگرێتە بەر بۆ ئەوەی نەوەکانی بە شێوەیەکی تەندروست پێبگەیەنێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە لێپرسراوی خێزانەکان لەدایکان وباوکان زانیاری تەواویان هەبێت لەسەر ئەو هۆکارانە، ئەمەش لە هەڵسو کەوتی ڕۆژانە وپەیوەندی نێوان باوکان ودایکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەبێت بەشێوەیەکی جوان ڕەنگ بداتەوە .

بەڵام لەبەر پێشکەوتن وگۆڕانکاری وگیر وگرفتەکانی دونیای ئەمڕۆمان خێزان ولێپرسراوانی ناتوانن بەشێوەیەکی کامڵ وتەواو هەستن بە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی خۆیان بەرامبەر منداڵەکانیان، وەهەندێك جار لەبەر بارودۆخی جیاوازی نێو خێزانەکان ( کە پەیوەندیان هەیە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڕامیاری ) یەوە، ئەم دامەزراوە گرنگەی ناو کۆمەڵگا ناتوانێت کەش وهەوایەکی لەبار وپڕ لەئارامی وئاسایش بۆ منداڵان فەراهەم بهێنن تاوەکو بەوشێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکرێن، هەر ئەو بارودۆخە جیاوازەی کۆمەڵایەتی وئابووری وڕامیاری وادەکەن کە خێزانەکان نەتوانن هۆکارە ساغ ودروستەکان بگرنە بەر، جا هەندێك جار ئەمە لەنەزانین وجەهلی خێزانەکانەوەیە سەرچاوە دەگرێت، وەهەندێك جاریش لە کەمتەرخەمی وگوێ پێ نەدانیانەوە، یان لە پیادەکردن وگرتنەبەری هۆکاری هەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری هۆکاری پەروەردەکردنی توند وتیژی ولێدان و هاوارکردن وتووڕە بوونی بێ هۆ،کە کار دەگاتە ئەوەی بەخراپ بەسەر منداڵەکاندا بشکێتەوە وکاریگەری نەگەتیڤانەی هەبێت لەسەر سلوك ڕەوشتی ڕۆژانەیان، لێدان وهاوارکردن وجنێودان وزبری نوادنی لەڕادەبەدەر لەگەڵ منداڵدا، هەندێك جار دەبێتە هۆی دەستدرێژی کردنە سەریان لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەمەش دەرەنجامی ئەو گوێ پێ نەدانەیە کە هەندێك لەخێزانەکان گرتویانەتەبەر لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا .

گومانی تێدا نیە لەهەموو حاڵەتێکدا قوربانی ئەم مەسئەلەیە ئەو جیهانە نەزیهو وپاك وبێگەردەی منالآنە کە ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی دروست پەروەردە بکرێن، ژیانی خێزانی پڕ دەکەن لە کەیف وخۆش وشادی، کەوابێت ئایا تاوان وگوناهی منالآن چیە لەم مەسئەلەیەدا؟!

لێدان وئازاردان وبەهەڵە پەروەردەکردنی منالآن مێژویەکی دوور ودرێژی هەیە، خراپترینیان لە مێژووی کۆندا وەك زیندە بەچاڵکردنی کچان وئینکاری کردنی منالآنی شیر خۆر وخۆنەکردن بەخاوەنیان و وازلێهێنانیان تا دەمردن، یان خنکاندن وسوتاندنیان ئەمانە کۆمەڵە داب ونەریتێکی نەگریس بوون کە جێگای ڕەزامەندنی خێڵ وهۆزە جیاوازەکانی پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوون لەتەواوی جیهاندا، هەر بۆنموونە زیندە بەچاڵکردنی کچان پێش ئیسلام لە لایەن عەرەبەکانی سەردەمی جاهلیەوە زۆر باو بووە، یان جێهێشتنی ئەو منالآنە لە دەشت وچۆڵەوانیادا تا مردن یان خواردنیان لەلایەن ئاژەڵانی دڕندەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببێت لێیان لەبەر ئەوەی جێگای ڕەزامەندی دایك وباوکەکانیان نەبوون ، داب ونەریتێك بووە کە ئیغریقە کۆنەکان زۆر پیادەیان کردوە، هەر بۆ نموونە لە مەبدەئو توجیهاتەکانی پادشای ئیغریقەکاندا هاتووە کە ( هلاریۆ ) ی پادشا فەرمانی کردوە بە ژنەکەی کە ناوی ( ئیلیس ) بووە کە کیژۆڵەکەیان لە دەشتێکی چۆڵدا بەجێ بهێڵێت هەتاوەکو لەبرسانا دەمرێت یان ئاژەڵێکی دڕندە دەیخوات بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ڕزگاریان ببێت لەدەستی.

لەگەڵ هاتنی ڕۆژگار و گۆڕانی چەرخ وسەردەمە یەك لەداوی یەکەکاندا، دیاردەی لێدان و ئازاردان وخراپ مامەڵە کردن لەگەڵ منالاندا شێوازی تری جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، وەك دەستدرێژی کردنی سێکسی بۆ سەریان وفرشتن وبازرگانی کردن پێوەیان، یان فڕاندنیان لەلایەن باندەکانی مافیاو وبەکارهێنانیان لە کاری خراپ ونەشیاو چەندان شتی تریش، بەڵام بە سەرنج دان ووردبوونەوە لە بنەما جوانەکانی پەروەردە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە منالآن جێگای گرنگی پێدان وخەمخواردنن لەم ئاینە ڕەبانی وبەرز وبێ وێنەیەدا، هەر بۆیە دەبینین ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهەموو شێوەیەك حەرام وقەدەغەی کردوە کە توند وتیژی وزەبر وزەنگ بەکار بهێنرێت بۆ منالآن، ئەمەش بۆ ئەوەی جیهانی پاك وبێگەردی منالآن تێکەڵاو نەبێت لە گەڵ هۆکارەکانی ترساندن وتۆقاندن کە پاشتر کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر سلوك وڕەوشتی لەقۆناغە جیا جیاکاندا، سەبارەت بەمەش فەرموودەیەکتان دەخەینە پێش چاو کە بەڵگەیە لەسەر ئەو ووتانەی کە کردمان، ئەبوو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت )

دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی دەلاواندەوە وماچی دەکرد ( خوا لە خۆی وباوکی ڕازی بێت ) کە دەکاتە کچە زای پێغەمبەر، لەم کاتەدا ئەقرەعی کوڕی حابیسی لابوو، ووتی : من ئێستا دە کوڕ وکچم هەیە تا ئێستاش یەکێکیانم ماچ نەکردوە، پێغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە : **( من لا یَرحم لا یُرحم )** واتە : هەرکەسێك ڕەحم بەکەسانی تر نەکات خوای گەورەش ڕەحم بەو ناکات ( ئیمامی بوخاری ئەم فەرمودەیەی ڕیوایەت کردوە ) .

کەواتە بە پێی دەقی ئەم فەرموودەیە سۆز وخۆشەویستی نواندن ولاواندنەوەی مناڵ هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی پەروەردگار، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو شەریعەتی ئیسلام گرنگیەکی تەواوی داوە بەمافەکانی منالان هەر لەو کاتەی کە دڵۆپە ئاوێکە لە ڕەحمی دایکیدا تا ئەو کاتەی باڵغ دەبێت وپاشتریش کە لەسەر دایك وباوك پێویستە ئافرەتێکی داوێن پاکی ڕێك وپێکی گونجاوی بۆ دەست بخەن تاوەکو ئەوانیش خێزانێکی بەختەوەریان لێ دەربچێت، ئەم زنجیرە یەك لەداوی یەکەش بەردەوام دەبێت لەپێناو دەستگرتن بە پاراستنی داب ونەریت وخوو ڕەوشتی ئیسلامیمانەوە، بۆ ئەوەی ژیانی دونیامان پڕ بێت لەکامەرانی وژیانی دواڕۆژیشمان مسۆگەر بکەین بە چوونە بەهەشتمان بە یارمەتی وئیزنی پەروەردگاری باڵادەست .

**والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته**